کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

Kurdistan National Congress (KNC)

Kongrey Nîştmanîya Kurdistan

WKA, Palingswich House, 241 king Street, London,

W 6 9 L P, U K. E-mail; wka@knc.org.uk

# بەردەوامبوونی سوپای داگیرکەری ئێران
# لە وێرانکردنی گوندەکانی باشووری کورستان و،
# بێدەنگی و بێهەڵوێستیی سەرکردەیەتیی کورد لە باشووری کوردستان!

**هاونیشتمانانی هێژا!**

**گەلی کۆیلە و خۆڕاگری کورد!**

ڕژێمی داگیرکەر و ڕەگەزپەرستی ئێران، لەدرێژەی پیلانگێڕیی ئاشکرای بە نیازی تێکدانی بارودۆخی سیاسیی باشووری کوردستان، بەردەوامە لە تۆپبارانکردنی گوندەکانی نێوچەی پشتدەر و، دەوروبەری قەندیل. لەو ڕێگەیەوە، تاکو ئێستا بەدەیان هاووڵاتیی کورد شەهید و بریندارکراون و، زەرەروزیانی زۆریش بەر سامان و بەروبووی دانیشتوانی نێوچەکە کەوتووە. لەچەند ڕۆژی ڕابوردووشدا، ڕێژەی تۆپبارانکردنەکە، بەرەو قووڵایی باشووری کوردستان تەشەنەی سەندووە.

هاوکات، سوپای ڕژێمی داگیرکەری تورکیا، جگە لە ئەنجامدانی هێرشی بەردەوامی ئاسمانیی بۆ سەر قەندیل، هەروەها ناوبەناو تۆپبارانی گوند و کێڵگەکانی سەرسنووری باشوور دەکا، کە لە ئەنجامیاندا چەندین هاووڵاتیی شەهید و بریندار کراون و، زیانی زۆریش بەر ماڵ و کێڵگەی هاووڵاتیانی کورد لەو دەڤەرە کەوتووە.

زۆر مخابن، لەبەرامبەر کردەوەکانی نامرۆڤانە و، دژ بە کوردی داگیرکەراندا، هیچ هەڵوێستێکی ڕەسمی و ئاشکرا و یەکگرتوو، لەلایەن دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستانەوە نابیندرێت. لەباتی لەقاودان و شەرمەزارکردن و، ڕاکێشانی سەرنجی دنیای دەرەوە بۆ دەستدرێژییەکانی ئێران و تورکیا، سەرۆکایەتیی کورد لە باشوور، سەرقاڵی کۆبوونەوە و پرۆپاگەندەی حیزبی و، دیدار لەگەڵ بەرپرسەکانی لق و شار و گوندی حیزبەکەی خۆیانن. میدیای حیزبەکانی دەسەڵاتدار، چۆڵکردنی گوندەکان و، کاولکردنی ماڵ و سامانی گوندنشینەکان لەلایەن ئێران و تورکیاوە، تەنیا لە ڕیزی هەواڵ و دەنگوباسەکانی ئاسایی ڕۆژانەیاندا بلاودەکەنەوە.

بێگومان، ئەم بێهەڵویستی و بێدەنگییەی سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێم، لە بەردەوامیی خۆیدا، شک و گومان لەنێودڵی جەماوەری کورددا دروستدەکا، کە ئەوەش بەهیچ چەشنێک خزمەتی یەکڕیزیی کورد و، بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کورد ناکات.

پێویستە، دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان – لەسەروویانەوە ڕێزدار کاک مەسعوود بارزانیی، داوای کۆبوونەوە و دانیشتنی ڕەسمیی لەگەڵ کاربەدەستانی سیاسی و لەشکریی ئەمریکا و، هاوپەیمانان لە باشوور و عێراق بکەن، چۆنکە ئەوان، ڕاستەوخۆ ئەرکی پارێزگاریکردنی عێراق و باشووری کوردستانیان گرتووەتە ئەستۆ. داوا بکەن لێیان، بەڵێن و سۆزی خۆیان بەرامبەر باشووری کوردستان بەجێبگەیەنن و، ڕێ لە هەڕەشە و دەستێوەردانی ئاشکرای ئێران و تورکیا بگرن، کە دەیانەوێ هێمنی و ئاسایشی باشووری کوردستان بشێوێنن.

کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەباتی ئەوەی کە چاوەڕوانی عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان بن، کە لە بەغداوە، بەنێوی ڕێزگرتن لە یەکپارچەیی خاکی عێراق، پشتگیریی حکوومەتەکەیان بکەن، پێویستە بەڕێگەی دیپلۆماسیی، بکەونە دانووستان و گفتوگۆکردن لەگەڵ پەرلەمانی ئۆروپا و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و، وڵاتانی دێمۆکرات. داوای ئەنجامدانی ڕفراندۆمێکی ئازاد و سەربەست بکەن، کە تێیدا گەلی کورد بتوانێ بە سوودوەرگرتن لە بڕیارنامەکانی مافی مرۆڤی جیهانیی، بڕیار بدات بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆی. خۆپێشاندانی بەرینی جەماوەریی گەلی کورد لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات، دەتوانێ پشتیوانێکی بەهێزبێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەم داوا ڕەوایە لەلایەن کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت، نەتەوەی کورد لە بەرامبەر هەڕەشەی لەنێوبردن و، سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی داگیرکەرانیدا بپارێزێت.

**مردن و نەمان بۆ داگیرکەرانی خوێنڕێژ، کە ڕژێمەکانی ڕەگەزپەرستی ئێران و تورکیا و سووریا و عێراقن!**

**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کورد، لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**٢٠٠٨/٥/٢١**

KNC | 0044 – 208 748 78 74 | E –post; KNC@ribrahim.de
P.B. 205 Holmlia | 0049 – 82 33 61 21 | post@kncscandinavia.com
1204 Oslo, Norway | 0047 – 93 83 99 53 | www.kncscandinavia.com